# چەند دەنگێک لە دەرەوەی زەمەن

Ibrahim Melazade

(1)

ئێرە ئەو زەمەنەی دروست کرد، کە خۆمی تیادا ببینم
لەگەڵ مۆرانە نامۆکانی زوو یا تازە هاتوو
ڕەهەندێک هەڵوەشێنمەوە
کە منی دەتاواندەوە ناو خوەکان و
ئەوانیشی بە سەربازی بۆ قەدەرەکان ئارایشت دەدا
ئێرە زەمەنەکانی زووی هەڵدەوەشاندەوە
کە هەورەکان نەیاندەویست باران بەو دەڤەرەدا گوزەر بکات
ئێرە ویستەکانی ئازاد نەدەکرد
بەڵام فێری ئازادی دەکردن
ئێرە ئەوێی لەگەڵ خۆ تێکەڵ نەدەکرد
بەڵام دەیەویست دوو چاو بۆ ژیانی ئەوێ
بکاتە گەردانەی هەموو کۆڵانە بێکۆتاییەکانی ترس
ئێرە
ترسنۆک نیە
تا ئەوان لێی بترسن
قەڵەمەکانی ئێرە ئەو ویژدانەن
ترس دەهۆننەوە و ترسی پێ دەترسێنن
نزایەکان دەپێچنەوە و کڕنوشەکان برسی دەکەن
ئێرە سەرەتای خەونەکانە
بۆ ئەوانەی خەون دەخۆن
خەون دەڕنن
خەون دەدورنەوە
خەون پەڕاگەندە ناکەن، بۆ ئەوەی هەژار ببێ

خەون هەڵناگرن بۆ ئەوەی ببێ بە ئەژدیها
خەون دەکەن بە لاپەڕەیەک و لە زەمەنی سبەینێ هەڕاجی دەکەن
ئێرە تا هەنوکەش لەگەڵ جیاوازیدا دەژیێ
جیاوازی دەهۆنێتەوە
دڵۆپە خوێنە ڕژاوەکانی زەمەنە دوور و نزیکەکان
لە ناو یەک جیاوازیدا
فێری سەدان جیاوازی دەکات
نەستی تۆڵەیان
ملی هەورازەکانی ئێرە دەگرێ و
نە بە سبەی دەگەن و
نە دوێنێشیان بۆ دروست دەبێتەوە
ئێرە بە دوای مەعریفەی کوێرەکاندا
چاو ساغەکان فێری ڕۆیشتن دەکات
ئێرە هەموو ڕۆژێ دەیەوێ ئەوێش دروست کات
ئێرەش شێ بکاتەوە
زەمەنەکانیش
بە ڕوحە نەگریس و بە ویستە درۆنگەکان
بەرەو ئەوێیەکانی تر
پەڕاگەند بکات
ئێرەکان خەمیان بۆ بێخەمی بێخەمەکان
دەکرد بەو سەرەتایەی
کە ئەوێکان دەیانگوت کۆتایی نایەت
ئێرە ئەو مەرگە ساتەی دەژیاندەوە
کە لە لەگەڵ زەمەنەکانی لێک دەترازان و
سەرەتاییێکی بێ کۆتایی بۆ ئاکامی ڕوحە هەڵاتوەکان دادەنا
ئێرە نەیدەویست ئەوێ بێ

ئەوانیش نایانەوێ ئێرە بن،
بەڵام ئەوێکانیان بەسەر ئەو بەردانەی کە لێرە دروست بووبوون
هەڵواسی بوو

(2)

دەنگێکی نزمیش لە قوڵاییەکانی ئێرە و ئەوێدا
بڵقی دەدا
بە ئاوزینگە پچڕپچڕەکان و
بە پێ هەڵاوساوەکانی
مۆدێلێکی تازەی شەڕی دادەهێنا
بە سووربوونەوە بەرەو ڕووم دەبووەوە و
دەیگووت:
لە نێوان ئێرە و ئەوێدا
شەوێک هەیە
مێژووەکان دەسڕێتەوە و ئێستاکانیش نامۆ دەکات
شەوێک هەیە
قەڵغانێکی مۆنە بۆ پەڕاگەندەکان
حەزێکی چڵێسە بۆ جارێکی تر بەندکردنەوەی سەرابەکان
ڕۆژێک هەیە
نەدەبینێ و نە بۆنی دەریاکان دەکات
نە ژوورە تاریکەکان دەبڕێ و نە تۆنێڵەکان دەدۆزێتەوە
ڕۆژێکی پشت کوڕ و لەرزۆک
گەرمایی جاجمێک بە پەڕاگەندەیەک نابەخشێ

(3)

بەبیرمە کە دەیانگووت ئەوان سێبەری یەکترن

یەکێکیان نیشانەی ئەویتریانە
هەردوکیشیان
ئێرە و ئەویَ
بە شێوەیەکی بەردەوام
بۆ ئێوارەیەکی سووری سۆزانیەکان پیل بەست دەکەن
دەیانەویَ ویستە ئازادەکان دەرچن
بۆ دەرەوەی زەمەن
بۆ دەرەوەی ئێرە مۆنەکان و ئەویَ خنسەکان
بۆ ئەو پەناگانەی کە لە هیچ کوێیەکدا دەست ناکەون

❊ ❊ ❊

Malazada86@hotmail.com